# نەوەیەکی نارِازی وهەڵوێستەیەك..

**نوسینی: تەهاسلێمان**
tahasleman17@yahoo.com

کۆمەڵگای کوردی لەبەردەم کۆمەڵێ پرسی گرنگ و چارەنوس سازدایە، کۆی ئەو پرسانەش لەماوەی ئەو چەندین ساڵەی دوای راپەرین و دەسلاّتی خۆماڵی کوردیدا بەهەڵواسراوی ماونەتەوەو بەدیدێکی بابەتیانە بەرجەستە نەکراون و نەخشەی ولاّمدانەوەیان تەمومژی زۆری لەسەرە. ئەم ووتارە نایەوێ کۆی ئەو پرسانە شەن و کەو بکا، بەڵکو لەلایەنێکی گرنگی ئەو ناو ئەوپرس گەلە ولاّم نەدراوانە دەدوێ، ئەویش بە رهەمهاتنی نەوەیەکی نارازی بەرامبەر ئەم واقیعەو هۆکارەکانی بەهەڵواسراوی مانەوەیانە.وردتر لەگرنگترین پرسی سیاسیەوە تاپرسە ئابوری و رۆشنبیری و کۆمەلاّیەتیەکان و بچوکترین پێداویستی ژیان لەماوەی دوای راپەرینی 1991 وە لەکوردستان، بەگۆرانکارییەکانی ئەمدوایەیی عێراقی دوای(بەعس)یشەوە ، بەهەڵواسراوی مانەوەیان و ناکارایی سەرکردایەتی سیاسی کوردی لەمیکانیزمی سەلماندن و بەرجەستەکردنیان، برواومتمانەی شەقامی کوردی بەخودی سەرکردایەتی ناوبراو کەمکردوەتەوە . چونکە سەرکردایەتی سیاسی کوردی لەزۆربەی تێروانین و خوێندنەوەکانی و رووبەروو بونەوەی پێشهات و رووداوەکان، بەردەوام لەخولەکی سستی وخوێن ساردی و هەڵپەی بیسەرو بەردا دەسورێتەوە، یانی سەرکردایەتی کوردی نەیتوانیوە لەماوەی ئەم چەن ساڵەی رابردوودا (مەبەست لەدوای راپەرینی1991 )ە ، نەیتوانیوە شێوازی جوڵەی سیاسی و میکانیزمی کارکردنی رابردووی خۆی تێپەرێنێ و بابەتیانە گوتاری خۆی دارێژێتەوەو رووبەرووی پێشهات و رووداوەکان بێتەوەو نەخش و کاریگەری خۆی لە مەسەلەکاندا دانێ و بوونی خۆیی و شوناسی مەسەلە رەواکەی بسلمێنێ. بەمانایەکی تر سەرکردایەتی سیاسی کورد بەردەوام لاسایی کەرەوەیەکی خراپ و کوشندەی تێزو بۆچونە سیاسیەکانی بوە بەدیوە خراپ و زیانبەخشەکەیدا، چی لەنمونەی کاری حزبی و ئیدارەدا. گومانیش لەوەدا نیە هەرئەم لاسایی کردنەوە خراپە و بەردەوامبون لەسەری، نەوەیەکی نارازی دروست کردوەو هەرئەم نەوەیەش دەیەوێ خاوەن قسە بێت؟ بەلاّم راستیەکەی ئەوەیە ئایا سەرکردایەتی سیاسی  کوردی و دەسلاّتی کوردی کەبەرهەمی عەقڵی سیاسی کوردییە ، ئامادەیە گوێ لەم نەوەیە بگرێ؟

بەبرِوای من گرفتی گەورەی سەرکردایەتی سیاسی کوردی لەرابردوو ئێستادا ، لەوێدایە کەکەمترین کاتی بۆ گوێگرتن لەبیرو راو بۆچوونی چین وتوێژەکانی خەڵك کردوە یان هەندێ جار هەرنەیکردوە. بەتایبەت نەوەی نوێ ئەو نەوەی کەپیویستە گوێی لێبگیرێ و پشت گوێنەخرێ لە پرسە جۆراو جۆرەکاندا. خۆئەگەر نمونەی دوای راپەرین بێنینە پێش چلوی خۆمان و بمانەوێ قسەی لەسەر بکەین، وەك: لەدوای راپەرینەوە نەوەیەك لەدایك بوەوهەر ئەم نەوەیەش گەشتوەتە ئەو بروایەیی کەگوێی لێناگیرێ. گوێ لێنەگرتنیشی

ئەو ڕاستیە دەسلمێنێ ، کەهەمیشە لەبیری ئەوەدا بێت شێوازی جیاجیا لەناویاندا ، فشاربەکاربێنێ بەرامبەر سەرکردایەتی سیاسی و دەسلاْت بۆئەەی گوێی لێبگیرێ. زۆرجار ئەم نەوەیە بەهۆی سیاسەتی نارێك و نادروست و نەبوونی بەرنامە و نەخشەی پێویست بۆساغکردنەوەی سەرخان و ژێرخانی کۆمەلگاو ڕەخنە نەکردنی دەسلاْت و داننەنان بەهەڵەو چەوتیەکاندا لەلایەن خودی دەسلاْت خۆیەوە، بێهیچ خوێندنەوەو پێش مەرجێکی بابەتیانە هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر تەنانەت کۆی ئەو قوربانیانەشدا دێنێ ، کەسەرەڕای هەڵەو کەمو کورتی و کێشەو گیرو گرفتە هەڵواسراو چارەسەرنەکراوەکانی ، قوربانییەکی کەم وێنەو دەگمەنە. ئەونەوەیە نازانێ و ناهەقیشی نیە نەزانێ خوێن لەبەرچۆڕان و قووربانیدنی بزوتنەوەی سیاسی کوردی چیە. چونکە بەرامبەر ئەوە هێزوحیزب و ڕێکخراو گروپە سیاسیەکان ،ئێستایشی پێوەبێت ئەوەندەی سەرقاڵی گویگرتن و وەرگرتنی بیرو ڕای خەڵکی بن، سەدان جار لەوەزیاتر سەرقاڵن بە جوینەوەی سیاسەتی هەڵەو ململانێی ناسروشتی و یەکتربڕی نابابەتیانە. ئەم نەوەناڕازییەش تەواو دەرك بەم ڕاستیە تاڵە دەکاو هەندێ جاریش گەشتوەتە ئەو بڕوایەیی کەدادو بێدادو پاڕانەوە لەبەرامبەر ئەم سەرکردایەتیە دەست ڕۆشتوەی کوردی هیچ بەرهەم ناهێنێ، بەڵکودەبێ شێوازو میکانیزمی نوێ و گرتنە بەری ڕێگاو جێگای تر جێگەی ئەوی تربگرێتەوە.

دەبێت دان بەو ئەو ڕاستیەشدا بنێین کەکێشەی گەورەی ئەم نەوەیە ئەوەیە وەك تێگەیشتن و دەرك کردن بەو ڕاستیانەی سەرەوە بوونی هەیە و ناتوانێ نەسەلمێنرێ، بەلاْم کێشەی گەورەی ئەم نەوەیە ئەوەیە تابلێی پەرش و بلاْوو نایەکگرتوە. بەبینینێکی تر هێزی ئەم نەوەیە بەسەر هێزو حزبە سیاسیەکاندا دابەشبون و زۆرجاریش قسەو گوتاری جیدی و ئاراستە کراویان نیە، بەقەدئەوەی کەپیویستە هەیانبێ. بەلاْم ئەمەش دیسان ئەو ڕاستیە کاڵ ناکاتەوە، کەداهاتوو بۆناڕەزایەتیەکانی ئەم نەوەیەیە بەمەرجێ بتونێ خۆی ڕێك خاتەوەو کۆی ئەو پرسانەی کەگرنگ و چارەنوسسازن بکاتە توخمو ڕەگەزی بنچینەی گوتاری ئاراستەکراوی خۆی. پێشم وایە ڕەوەندو ڕەوتی بابەتیانەی ئەم نەوەیە، دەتوانێ تائاستی باش وبەرچاو سەرکردایەتی سیاسی کورد لەپەراوێزخستن و پشتگوێخستنی توانای ئەم نەوەیە بەئاگابێنێ و بواری نەدا چیتر خۆی لەم ڕاستیە بشارێتەوە. گرنگترین پلەی دەستپێکردنی ئەم ئەرکەش ئەوەیە بەشێك لەم نەوەیە کەلەناو حزب و ڕێکخراوە سیاسیە کاندان، بتوانن ڕێبەرایەتی ئەم ناڕەزایەتیە بکەن و هاوکات ئەم ڕاستیە لەناوەندی باڵاْو دەسترۆشتووی حزبەکانیان بگەیەنن. ڕوونتر ناچارییان بکەن کەگوێ لەم نەوەیە بگرن ، بەپێچەوانەی ئەو پشتگوێخستن و پەراوێزخستنەی ئێستا..